# بایۆگرافیای لەتیف هەڵمەت بە خامەی خۆی



ئا: باران

* لە ماڵێکی رۆشنبیردا چاوم هەڵهێناو گەورەبووم.

* باوکم (شێخ مەحمود شێخ محەمەد کەسنەزانی) کەسێکی رۆشنبیرو شاعیر بوو، لەهەمانکاتدا رێبەرێکی رێبازی قادری بوو ..... لەپێناوی بڵاوکردنەوەی رێبازەکەدا، خانەوادەکەمان لە کەسنەزانی قەرادەغەوە روویان لە گەرمیان کرد .....

* بە هەڵە لە تەسکەرەدا بە لە دایکبووی (1947) نوسراوم، بەڵام لە راستیدا لە ساڵی (1951)و لە قەزای کفری لە دایکبووم.

* لەناو کتێبخانەکەی باوکمدا، ئاشقی کتێب و خوێندنەوەو نووسین بووم.

* یەکەمین شیعرم لە (1963/8/22)دا بە بۆنەی شەهیدبوونی (28) پێشمەرگەی قارەمانەوە لە ناوچەی (قاتەکان)ی کفری نوسی.

* یەکەمین بەرهەمم ساڵی( 1969) لە ژمارە (9) ی گۆڤاری (رزگاری)دا بڵاوکردەوە، کە لەسلێمانی دەردەچوو .... نەوشیروان مستەفا خاوەنی ئیمتیازو شازاد سائب سەرنوسەری بوو.....

* پێش ئەو مێژووە لە بەرنامە ئەدەبییەکانی رادیۆی کوردی بەغداوە، هەر لە ناوەندی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە دەیان شیعرم بڵاودەبۆوە، بەتایبەتی لە بەرنامەکانی (عەبدوڵلا عەباس و جەلالی میرزا کەریم)ەوە .....

* ساڵی 1970 یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆمم بەناونیشانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان) لە چاپخانەی (الشمال) لە کەرکوك چاپکردووە.

* نزیکەی (65) کتێب و نامیلکەی چاپکراوم هەیە.

* بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسم و پێنج کتێبم بە زمانی عەرەبی نووسیوەو بڵاوکردوونەتەوە.

* لە ساڵانی حەفتای سەدەی رابردوودا دوو ساڵ لە رادیۆی کوردی بەغدادا بەرنامەی منداڵانم ئامادەو پێشکەشکردووە.

* نزیکەی ساڵێك لە رادیۆی ناوبراودا، بەرنامەی یەکێتی نوسەرانی کوردم ئامادەو پێشکەشکردووە.

* ساڵی (1970) بووم بە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد.

* ساڵی (1976) بووم بە ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق، دواتریش بووم بە ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عەرەب و جیهان.

* لە سەرەتای ساڵانی (2000)دا نزیکەی دوو ساڵ بەرنامەی (نافذة على الثقافة الكردية)م بۆ بەشی عەرەبی رادیۆی گەلی کوردستان ئامادەدەکرد، ئەودەمە بەرێزم مەجید عەبدولحەمید بەرپرسی بەشی عەرەبی رادیۆکە بوو.

* دەیان ساڵ لە رۆژنامەی هاوکاری و العراق و پاشکۆی کوردی العراق و گۆڤاری بەیان و رۆشنبیری نوێ وەکو نوسەر کارمکردووە.

* دەیان شیعرم وەرگێڕدراون بۆ زمانی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، فەرەنسی، هۆڵەندی، سویدی و تورکمانی، یان لە رۆژنامەو گۆڤاردا، یان وەکو کتێب بڵاوبوونەتەوە.

* چەندین دکتۆرا نامەو ماستەرنامە لەسەر شیعرەکانم لە زانکۆکانی هەرێم و بەغدا بە کوردی و عەرەبی وەرگیراون.

* خەڵاتی ئاپیك و چەندین رێزنامەی وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی رۆشنبیریم لە بواری ئەدەبی منداڵدا وەرگرتووە.

* خەڵاتی زێڕینی ئیبراهیم ئەحمەدو خەڵاتی زێڕینی باوە گوڕگوڕو خەڵاتی زێڕینی حزبی شیوعی کوردستان و خەڵات و رێزنامەی وەزارەتی

ڕۆشنبیری عێراقی فیدراڵ و خەڵات و ڕێزنامەی حەوزەی هونەری تارانم وەرگرتووە.

* لەسەر داوای حەوزەی هونەری تاران، بەشداری فیستیڤاڵی شیعری نێودەوڵەتی تاران و فیستیڤاڵی ئەدەبی دوای جەنگی منالانی دوای جەنگ و فیستیڤاڵی یادەوەری شاعیری گەورەی ئێرانی محەمەد حسێن شەهریار بووم.

* ڕۆمانە تاقانەکەم (ژنە جنۆکەکانی شێخ مەحمود) دووجار کراوە بە فارسی، جاری یەکەمیان خانمی شاعیری و ڕۆژنامەنووسی ڕۆژهەڵات سارا قوبادی، جاری دووەمیشیان شاعیرو نووسەری ناسراوی کورد فریاد شیری کردوویەتی بە کوردی ....

* لەساڵی (2003) وە تاوەکوە ئێستا سەرنووسەری گۆڤاری (بانەڕۆژ)م، کە کۆمەڵەی ڕووناکبیری کەرکوك دەریدەکات .... بەر لەو مێژووەش بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری گەلاوێژ بووم، کە بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ لە سلێمانی پەخش و بڵاویدەکاتەوە.

* دیوانە شیعرێکم بەناونیشانی (ئایەتە ونبووەکانی سەدەی بیست و یەك) لەژێر چاپدایەو بە پشتیوانی خوای مەزن پێش بڵابوونەوەی ئەم تۆمارە ... پەخش و بڵاودەبێتەوە.

